ئەنجومەنی باڵای فەتوا راگەیەندراوێک بۆ ئاودێکاتۆر لەبارەی کرێی پارێزەرانەوە

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند، وەرگرتنی پارە لەلایەن پارێزەرەوە لە کەیسێکداکە نەیبردتەوە و دژاندویەتی حەرامە و دەچێتە خانەی خواردنی ماڵی خەڵکی بە بەتاڵ و بێ بەرامبەر.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا بڕاویکردەوە، دوای ئەوەی کێمەڵێك پارێزەر پرسیارێکیان ئاراستەی ئەنجومەنیباڵای فەتوا کرد سەبارەت بە (حوکمی وەرگرتنی کرێی ماندوبونی پارێزەرایەتی (أتعاب المحاماه)، کەدادگا بڕیار دەدات ئەو کەسەی کە هەمو دەعواکەی یان بەشێکی دژاندوە بڕك پارە بدات بە پارێزەریبراوە لە دەعواکەدا، بڕجگە لەوەی کە کەسی دژاو دەبێت پارەش بدات بە پارێزەرەکەی خۆی) ئەنجومەن لەدانیشتنی ئاسایی خۆیدا دوای گەڕانەوە بۆ بەڕگە شەرعیەکان و مەبەستە باڵاکانی شەریعەت وەڕامیدانەوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "سەبارەت بەو پرسیارەی ئاراستەی ئەنجومەن کراوە، ئەنجومەنی باڵای فەتوا بەکەی دەنگی ئەندامەکانی پێیانوابو کە وەرگرتنی کڕی ماندوبونی پارزەرایەتی (أتعاب المحاماه) لەوکەسەی کە هەمو دەعواکەی یان بەشکی دڵاندوە حەرامە، پێویستە پارزەران وەرینەگرن با دادگاشدیاری بکات و پێیان بدات".

باسی لەوەشکردوە، "ئەگەر لەبەر ئیداریەکان پارەکەیان وەرگرت پێویستە بیگەڕێننەوە بۆ خاوەنیدەبێت تەنها ئەو پارزەرە براوەیە مافی ماندوبونی خۆی بەتەواوی لە بریکار بۆ کراوەکەی خۆی وەربگریت،چونکە وەرگرتنی ئەو کڕیە یان ئەو پارە زیادەیە لەبەرامبەر هیچ کارێك نییە و لە هیچ بابێکی شەرعیجگەی نابێتەوە، بۆیە دەچێتە خانە خواردنی ماڵی خەڵکی بە بەتاڵ و بۆ بەرامبەر".

ئەنجومەنی باڵای فەتوا داواشی لە سەندیکای پارزەرانی کوردستان کردوە، کار بکەن بۆ جێبەجێکردنیڵکارە شەرعیەکان لەم بابەتەدا.